# شەهاب شێخ نووری ناسراو بە "خاڵە شەهاب"

## ١٩٣٢ - ١٩٧٦

نووسینی: د. ئەحمەد حەمەدئەمین

خاڵە شەهاب کوڕی شێخ نووری شێخ ساڵحی شاعیرە و ساڵی ١٩٣٢ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، ساڵی ١٩٣٩ لە خوێندنگای فەیسەڵییە لە سلێمانی چۆتە بەر خوێندن و دواتریش لە بەغدا لە کۆلێژی فەیسەڵییە وەرگیراوە. خاڵە شەهاب هەر لە منداڵییەوە تێکەڵاوی ژیانی سیاسی بووە، ئەمەش وای کردووە بەشداری لە زۆرێك لە ڕووداوەکان بکات، بەو هۆیەشەوە لە تشرینی دووەمی ١٩٥٢ بەهۆی بەشداربوونی لە خۆپێشاندانەکانی بەغدا بریندار بووە و ناچار دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە. ناوبراو لەبەر ئەوەی خاوەن هەڵوێستی سیاسی بووە، چەند جارێك تووشی ئازار و ئەشکەنجە و زیندان هاتووە.

ساڵی ١٩٥١ لەگەڵ سەرهەڵدانی ناکۆکی ناوخۆیی لە نێو پارتی دیموکراتی کورد و دابەشبوونی بۆ دوو باڵ، خاڵە شەهاب یەکێك بووە لە ئەندامە دیارەکانی پارتی دیموکراتی کورد – بەرەی پێشکەتوو، بەمەش لە چالاکییەکانی لە ناو بەرەی پێشکەتوو بەردەوام بووە تا ئەوەی هەر دوو باڵەکە ساڵی ١٩٥٦ یەکیان گرتۆتەوە.

ساڵی ١٩٥٩ بە هۆی دووبارە سەرهەڵدانەوەی کێشە و گرفت لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان و دوور خستنەوە هەمزە عەبدوڵڵا و هاوڕێکانی، خاڵە شەهاب یەکێك بووە لە وانەی کە لە پارتی دیموکراتی کوردستان دوورخراوەتەوە.

خاڵە شەهاب لە دوایی کودەتای شوباتی ساڵی ١٩٦٣ وێڕای ئەوەی خێزانەکەی دوورخراونەتەوە بۆ شاری بەسرا، بەڵام ناوبراو ڕوو دەکاتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی ئەیلول و لە ناوچەی چەمی ڕێزان لای بارەگای سەرکردایەتی هێزی ڕزگاری کە مام جەلال فەرماندارییەتی دەکرد، بۆ ماوەیەك لە وێدا دەگیرسێتەوە.

ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٤– ١٩٧٠ خاڵە شەهاب لە سایلۆیی بەسرا وەك کارمەند کاری کردووە، لە پاڵ ئەوەشدا لەگەڵ کاری سیاسی بەردەوام بووە، تا ئەوەی لە کۆتایی شەستەکان بە هاوکاری مام جەلال کتێبخانەی "بیری نوێ" لە بەغدا بە خاوەندارییەتی دارۆ شێخ نووری برای کردۆتەوە. ئیدی

ئەو کتێبخانەیە دەبێت  بە یەکێك لە بازنەکانی کۆبوونەوەی گەنجانی کورد ئەو سەردەمەی شاری بەغدا کە کاریگەری بیری چەپیان بە سەرەوە بوو.

خاڵە شەهاب لەگەڵ هاوڕێکانیدا ڕۆڵی دیار و بەرچاوی بنیوە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسیی – لینینیی کوردستان کە لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٧٠ دامەزراوە. لەو ساکەوە خاڵە شەهاب وەك یەکێك لە سەرکردە دیارەکانی ئەو ڕێکخراوە ڕۆڵی دیار و بەرچاوی بینیوە و بە هۆی دوورکەوتنەوەی  مام جەلال سکرتێری کۆمەڵە و چوونی بۆ دەرەوە وڵات، خاڵە شەهاب وەك کەسی یەکەمی ئەو ڕێکخراوە سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی کردووە.

خاڵە شەهاب ساڵی ١٩٧٢ بە ئامانجی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و شێوازی نوێ کارکردنی کۆمەڵە دەچێتە بەیروت بۆ لای مام جەلال، بەمەش تا کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٣ لە وێدا دەمێنێتەوە، دوایی ئەوەش کە دەگەڕێتەوە دەچێتە کەرکووك و بە نهێنی دەکەوێت کارکردن و سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە،  ئیدی لە کارکردن بەردەوام دەبێت تا ئەوەی ساڵی ١٩٧٤ لە کوردستان شەڕ هەڵدەگیرسێتەوە.

ساڵی ١٩٧٤ پێوەندییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول گرژی تێکەوتەوە، ئەنجام ١١ی مارتی هەمان ساڵ شەڕ هەڵگیرسایەوە. کۆمەڵە لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیاری بەشداری کردن لە شەڕ دەدات، هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاری ئەوە دەدرێت خاڵە شەهاب وەك بازنەی پێوەندی نێوان ڕێکخستنەکانی شار و شاخ لە ناوەوە لە چالاکییەکانی بەردەوام بێت و نەچێتە دەرەوە، بەڵام دوای ماوەیەك لەگەڵ هاتنە پێشەوە ڕووداوەکان بڕیاری چوونە دەرەوە دەدات و لە ناو شاردا نامێنێتەوە.

٥ی مارتی ١٩٧٥ ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە نێوان عێراق و ئێران واژۆکرا، ئەنجام نسکۆی شۆڕش ڕاگەیەندرا، لەم سەروبەندا خاڵە شەهاب لەگەڵ ئیدریس بارزانی کۆدەبێتەوە و ئامادەیی کۆمەڵەی بۆ بەردەوامی شۆڕش پێرادەگەیەنێت، بەڵام بێ ئومێدبوونی لە هەنگاوەکان، ناوبراو و هاوڕێکانی دێنێتە سەر بڕیاری ئەوەی ڕوو بکەنە ناوچەی پێنجوێن. گردبوونەوەی ئەندامانی کۆمەڵە لە ناوچەکانی پێنجوێن و دەرووبەری و بڕیاردان لە بەرگری و بەردەوامبوون لە خەباتی چەکداری، لەو ڕۆژنەدا زۆرێك لە گفتوگۆ و دانیشتەکانی بە خۆیەوە خەریك کردووە. سەرباری ئەوەش خاڵە شەهاب و هاوڕێکانی لە سەرکردایەتیی کۆمەڵە بۆ پێوەندیکردن بە کەسایەتییە دیارەکان و ڕازیکردنیان لە بەرگریکردن لە هەوڵدان بەردەوام بوون، بەڵام بەدەنگەوە نەهاتنی کەسایەتییەکان و سووربوونی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول لە قبوڵکردنی هەلومەرجەکە، سەرکردایەتیی کۆمەڵە ناچار دەکات

کۆبوونەوەیەك لە گوندی کێلێ لە ڕۆژئاوای پێنجوێن گرێبدات. لێرەشدا زۆرێك لەو کەسایەتییانەی کە بەشداری کۆبوونەوەکەیان کردووە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە خاڵە شەهاب هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتە گەر بۆ ئەوەی هاوکار و هەماهەنگی کەسایەتییە دیارەکان بۆ بەردەوامی شۆڕش بە دەست بێت، بەڵام دواجار بێ ئومێد بوون لەم هاوکارییە وای کردووە بڕیار لە گەڕانەوە بۆ ناو شارەکان بدەن.

دوای گەڕانەوە خاڵە شەهاب وێرای سەرهەڵدانی ناکۆکی و جیاوازی بیرکردنەوە لە نا و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە چالاکییەکانی بەردەوام دەبێت و لەگەڵ سەرکردایەتی کۆمەڵە لە مایسی ١٩٧٥ بڕیاری دەسپێکردنەوەی خەباتی چەکداری دەدەن.

٢٠ی ئابی ١٩٧٥ ژمارەیەك لە ئەندامانی کۆمەڵە لە ڕێکخستنی سلێمانی دەستگیر دەکرێن، دواتر لە ٣ی ئەیلولی هەمان ساڵی ئەنوەر زۆراب لە بەغدا دەستگیر دەکرێت، بەمەش خاڵە شەهاب و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە سلێمانی ناچار دەبن خۆیان حەشار بدەن. لە ماوەی خۆ حەشاردانەدا خاڵە شەهاب لە ڕێگای گەنجێکی سلێمانی بە ناوی هادی سوور هەوڵی ئەوە دەدات لە ڕێگای عابدی بەرگدروو لە بەسرا بۆ ئەبوزەبی دەربازیان بکات. بەڵام ئالۆزی بارودۆخە وا دەکات خاڵە شەهاب و هاوڕێکانی بڕیاری ئەوە دەدەن لە ڕێگای ئێرانەوە هەوڵی دەربازبوون بدەن.

ناوەڕاستی ئەیلوولی ١٩٧٥دا هەریەك لە شەهاب شێخ نووری، عومەری سەید عەلی، فەرەیدوون عەبدولقادر، جەعفەر عەبدولواحید و عەلی بچکۆل بەرەو ئێران بە ڕێدەکەون، بەڵام هەر لەگەڵ ئەوەی سنووری عێراق جێ دەهێڵن و دەچنە ناو سنووری ئێرانەوە، لە ڕۆژی ٢٠ی ئەیلوول لە لایەن پاسەوانانی سنووری (ژاندارمری) ئێران دەستگیر دەکرێن و لێکۆڵینەوەی سەرەتایان لەگەڵدا ئەنجامدەدرێت، بەمەش خاڵە شەهاب و هاوڕێکانی تا کۆتایی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥ لە زیندانی سەقز بەسەر دەبەن.

١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٦ خاڵە شەهاب و هاوڕێکانی ڕادەستی حکومەتی عێراق دەکرێنەوە، سەرەتا ڕەوانەی سلێمانی دەکرێن و دواتریش دەگوازرێنەوە بۆ بەغدا، لەم ماوەیەدا خاڵە شەهاب ئازایانە ڕووبەرووی ئازاردان و لێپرسینەوەکان دەبێتەوە و بە ئامانجی سووکردنی باری هاوڕێکانی بەشی زۆری تۆمەتەکان دەخاتە پاڵ خۆیەوە، لێرەشدا ئەگەرچی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە هەوڵەکان دەخرێنە گەڕ بە ئامانجی سووککردنی بڕیار بە ناو دادگای شۆڕش، ئەنجام لەگەڵ هەریەك لە هاوڕێیانی جەعفەر عەبدولواحید و ئەنوەر زۆراب لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦ لە سێدارە دەدرێت.